ئەزموون و یاد

پشکۆ نەجمەدین

بەشی سێهەم: بۆ دیتنی بەشی یەکەم و دووەم کلیکی ئێرە بکە.

لێرەدا...لە هەمواری نێوشانی ملەی هەڵووژەدا، گەر روو لە هەورامان راوەستیت، ئەوا دەستی راستت هاوچمکی توولەرێگایەکە پێچاوپێچ بۆ لوتکەیەک سەردەکەوەێت کە بەسەر هەردوو هاوینەهەواری (قەمان) و (وەزگێڵ) دا دەڕوانێت و دەستی چەپیشت باسکەوباسک بەرەو دوندی (ملەی تاوێرە) سەردەکەوێت،

لوتکەی پشتی (قەمان) بەرزترین ترۆپکی چیای شنروێیە و پێی دەڵێن (بەفری میری) و ئێستا سەربازگەیەکی لەسەر هەڵتۆقیوە.

لە بەرزایی بەفری میرییەوە راوەستە و بە هەردوو ئاقاردا هەڵڕوانە، تا چاو هەتەر بکا ناوچەکانی کوردستانی هەردوو دیوت

لێوە دیارن.

شنروێ، دەستێکی بە دەستی زنجیرە چیای (باڵانبۆ) وەیە و دەستەکەی دیکەشی شانبەشان و ملەبەملە شۆڕدەبێتەوە تا لە بناری شارەزووردا قوڵ ڕۆدەچێ و بە چەندین کەرتەشاخی گا رژد و گا هەمواریش دەگاتەوە دامێنی چیاکانی هەورامان،

تۆ! کە لێرەدا، بە گەردنی شنروێوە وەکو پنتێکی نەبینراو هەڵواسراییت، ئەگەر کەمێک سەرت لە مێژووی نێوچەکە دەربچێت، یاوەکو هێندەت تەمەن هەبێت کە بەشێکی رووداوەکانی مێژووی نزیکت لە یادوەریی خۆتدا هەڵگرتبێت، ئیدی وێنە خوێناوییەکانی جەنگ و پێکدادانی نێوان کورد و داگیرکاران و کورد و کورد، سەرپای بینینت دەتەنن....

(عاشوور) و (بابل) ، کیلۆمەترێک دوور لە هەڵەبجە لولەی تۆپەکانیان روو لە شنروێیە.پرچی خورمایی زەردەپەڕ لە گەردنی چیا ئاڵاوە و لە گەڵ تەقینی هەر گوللەیەکدا، ئێمەی مێردمنداڵ توند هەردوو گوێمان بە لەپی دەستانمان دەگرین و چاو لە باڵای بە مەرگ حوکمداروی شنروێ دەبڕین..لە پێشدا چەخماخەیەک و پاشان دوکەڵێکی رەش خۆیان لە بیناییمان دەسوون..دەستمان هەڵدەگرین و گرمەی تەقینەوەی گوللەکە دەگاتە بیساییمان..گرمەیک...دووان، سیان، دە و ئیتر لە ژماردن نایەن....

_ با گرەو بکەین!

_ چۆن؟

_ ئەم تۆپەیان لە کوێ ئەدات؟

_ باشە...بەڵام لەسەر چی؟

_ قاپێ موحەلەبی!

_ قەبوڵمە...رێک ناوەڕاستی چاڵەبەفرەکان!

www.kurdistannet.org

ـ من ئەڵێم...قوتەی ملەی تاوێرە!

ـ دوڕاندت!...چاڵەبەفرەکانی گرِدا!

ـ دۆڕام!...بەڵام بەفر ناسووتێ!

ـ دەبینی کە دەسووتێ و ئەمشەو هێرشیان بۆ دەکەن و تەوێڵە و بیارەش دەگرن و تا ئێران راویان دەنێن...

ـ ئێوەبە پشتی حکومەت و دەبابەکانی هێرش دەبەن...

ـ ئێوەش بە پشتی چریک و تۆپی ئێران!...

ـ درۆیە!...کەس چریکی ئێرانی نەبینیوە!

ـ نەیبینیوە!...بەڵام دەیبینین!

ـ ئەگەر هەموو دنیاش بگرن، دەیدەنە دەست حکومەت و لەشکرەکەی!

ـ نا بێئەقڵ!..کاکەم دەڵێ: مامجەلال خۆی لێرەیە و هێزی گەرمیان و قەراخیشی هێناوە..کە هەورامان گیرا، ئەوسا بارەگای حیزب و مامجەلال دەچێتە تەوێڵە و لەوێوە شەڕ لەگەڵ حکومەتدا دەکەین!

ـ ئێوە جاشن!..جاش ناتوانێ لەگەڵ حکومەتدا شەڕ بکات...

ـ خۆتان هەم جاشی ئێرانن و هەم بە تۆپی ئەوان خەڵکی هەڵەبجە دەکوژن...دوێنێ، شەش کەس لە ماڵێکدا بە تۆپی ئێوە کوژران..ئەمشەو تۆپەکەشتان دەگرن!...لەگەڵ (حەمەبچکۆل) دا لێمان دەبێتە دەمەقاڵە و گرەوەکەمان لە بیر دەچێتەوە...لەژێر باڵی تاریکایی شەودا، لەشکری حیزب لە چەندین لاوە لە شنروێ و هەورامان وەردەبێ..

ـ شەڕ تەواو بوو!...مزگەوتی پاشا پڕیەتی لە لاشەی (مەلایی) ..تەرمی (عەزیز ئەتروشی) لەوێ کەوتووە!..ئەو بوو کە هەموو رۆژێک تۆپبارانی شاری ئەکرد..ئیتر شار بێ خەم دەبێ!...وەرە با بڕۆین!..حسەینی هاوڕێمە کە بە عەشرەتەوە لە هەڵەبجەن و زۆر نییە باوکی بە دەستی ژنێکی رۆڵەکوژراوی مەلایی، لە نێو شاردا تیرۆر کراوە!...لەگەڵ حوسێندا بەرەو مزگەوت غار دەدەین.خەڵکوخوا خەریکی شۆردن و کفن کردنی تەرمەکانن...لە جەستەی خوێناوی و جلوبەرگی دڕاویان رادەمێنین...ئێمە بەم سەرکەوتنەی پێشمەرگەکانی حیزب دڵخۆشین...حسێن دڵخۆشترە و وا هەست دەکا تۆڵەی باوک و کەسوکارەکەی کە بە دەستی مەلاییەکان تیرۆر کراون یان لە شەڕدا کوژراون، کراوەتەوە!....

(یا عەبابەیلێ گێسکێک و شەکێ

حیزبی و مەلایی بکەیتۆ وە یەکێ!) ...

ئەمە نزوولەی ژنێک بوو کە وەک تیسکەی تفەنگ بە لاماندا تێپەڕی و کوڕە گەورەکەی ئەو شەوە لە شنروێ کوژرابوو!.

ئێستا من بە نێو ئەم دۆڵەدا و سەرەوخوار بەرەو (دەربەندی ئەشکەوەڵ) شۆڕ دەبمەوە، کە لەزاری دەربەندیش ئاودیو بووم، ئیتر گوندی (هاوار) و باخەکانی ئامێزم بۆ دەگرنەوە.

دۆڵی ئەشکەوەڵ، لە دەستپێکدا فراوان و وردە وردە تەنگ و تەنگتر، تا بە تەنگایی دەربەند دەگات و ئیتر لێرەدا، هەردوو بەر، تا چاو بڕ بکات، زەردەمای بەرز و سەخت و رژدە و نێوانیان دەریچەیەکی تەسک کە تاکە سوار بە زەحمەت لێی دەرباز دەبێ....

پێچی دوکەڵ لە قولایی ئاسمان گیربووە...ماڵبەماڵی هاوار داگیرساوە...غەڵبەغەڵبێکم دێتە گوێ..تەقەی سمی ئەسپان لەو دیوی دەربەندەوە...لە هەردوو بەری دەربەند دەڕوانم..چاوم رەشکەوپێشکە دەکات..لە بن هەر تاوێریک و لە پەنای هەر دارەوەنێکی ئەستوورەوە، ملەقوتەی کەسێک و بریسکەی لولەی تفەنگێک دەبینم...دەربەند بەسەر یەکدا دەڕووخێت..بەرایی لەشکری ئینگلیز دەگاتە نێو دەربەند و تەرزەی گوللەیان بەسەردا دەبارێ..گوێم لە نەعرەتەی (شێخ رەشید و شێخ کەریم) ی کوڕانی شێخ مەحمودە کە سەرکردایەتی لەشکری عەبابەیلێ و هەندێ لە پیاوانی هۆزەکانی نەیاری (عادیلەخانم) ، دژ بە سوپای ئینگلیز دەکەن..لە پێناوی خودا و نیشتمان و پاراستنی ماڵ و موڵک و ژن و منداڵانماندا، غەزای کافران واجبە!...لە قۆڵی ئەوبەرەوە، سەی موراد و خاڵۆ تۆفیقی هاواری سەنگەریان گرتووە و داکۆکی لە دین نا (چونکە ئەوان کاکەیی و غەیرە دینن) ، بەڵکو لە نیشتمانی هاوارییان دەکەن..

گوێم لە دەنگی شێخ ئەولایە و دەنەڕێنێ: بکوژن غەزایە!..ئێمە تەنیا نین و وا لەقۆڵی خورماڵەوە لەشکری مەحمودخانی دزڵی و جافرسانی لهۆنیش هێرشیان کرد...سوارەی (سیخ) یەک لە دوای یەک دەگلێن و جەنگاوەران بە خەنجەری رووتەوە پەلاماریان دەدەن...لاشەی ئینگلیزان لە دەرکەی دەربەندداا کەڵەکە دەبن و من خەمی دەربازبوون دام دەگرێت...پۆلێ سوێسکە لە تیخەشانی ئەوبەری دەربەندەوە فجوق دەکەن و بێ ئاگا لە من، دوو مەتر ئەولاتر دەنیشنەوە...بە چواردەوردا هەڵدەڕوانم، جگە لە قاسپەی کەوان و ویتەویتی سوێسکەکان، دەنگێ نایەت...چاوە دووربینەکانی یادوەرییم، وێنە تۆزلێنیشتووەکانی ساڵی ١٩٢١ی دەخوێنێتەوە!.

لە گەرووی دەربەند دەرباز دەبم و (هاوار) مینا کیژۆڵەیەکی شەرمن، لەژێر تارای تەمێکی سپیدا، چاوەکانی دەدرەوشێن!.

ماویەتی....